www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 26-10-2006 1:03:24

به ناوی کوردستانی گەوره !

ح . س. سۆران
soransa@hotmail.com

# سەوزە :

هۆگری بەژنی پڕ و هەنیەیی مەڕمەڕ منم
لاگری مەمکی خڕ و هەیکەلی عەڕعەڕ منم

سەوزەیی ڕش ئەسمەرم، بووکی هەناسەی شەوە
هۆگری هۆزی ڕەش و قیبتی و بەڕبەڕ منم

شەونمی کاسەی گوڵی سەرلەبەیانی ئەوە
باغی خەزانی رقم ، لق لق و پەڕپەڕ منم

دەنگی زڕ و ناسکە، هاوەڵی تار و نەیە
وێژەری بەیتی بلەو و بزبز و مەڕمەڕ منم

کانی بزە و شادی و خۆشی و قاقا ئەوە
ڕێژەری ئەشکی گەشی خوڕخوڕ و تەڕتەڕ منم

قەشمەر و شەنگ و مەلەنگ ،ئەسمەر ونەشمیلە ئەو
قڕقڕ و فڕفڕ ئەوە ، وڕوڕ و هەڕهەڕ منم

شاکچی لەنجەی لەش و لارە و داغە ئەوە
خوازەری رەقس و سەمای کەش کەش و گەڕگەڕ منم

خڕپن و نەرم و شلک ، خڕخڕ و شل شل ئەوە
کزکزی دەردی هەناو ، رەق رەق و لەڕلەڕ منم

سۆزی تەزوی تاسەیە ، شەوخەوی سۆرانە ئەو
شڕشڕی تۆفانی عیشق ، سڕسڕی سەڕسەڕ منم .